راپۆرت

# کێشەی جەبەل تارق وەك هۆكارێكی گرژی لەنێوان ئیسپانیاو بریتانیا

شوان پێنجوێنی

هێشتا کێشەی ناوچەی جەبەل تارق لەنێوان بریتانیاو ئیسپانیا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو ناوبەناو گرژیی لێ دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی ساڵی پار رویدا. یەکێتیی ئەوروپا زۆر بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە چونکە ئەگەر چارەسەری گرژیی نێوان بریتانیاو ئیسپانیا نەکرێ، رەنگە کێشەکە کاریگەریی خراپی لەسەر ئایندەی یەکێتیی ئەوروپا هەبێ، بەتایبەتی کەبریتانیا بەنیاز بوو هێزی دەریایی بۆ جەبەل تارق بنێرێو سکاڵا لەدژی ئیسپانیا لەدادگاکانی ئەوروپا تۆمار بکا، ئیسپانیا هەڕەشەی کردووە کەئەگەر چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە نەدۆزرێتەوە، مەسەلەکە دەگەێنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان.

## پێشینەی کێشەکە

جەبەل تارق ناوچەیەکە لەباشوری ئیسپانیا روبەرەکەی تەنها حەوت کیلۆ مەترەو ژمارە دانیشتوانی ٣٠ هەزار کەسە. ساڵی ١٧٠٤ بریتانیا دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرتو بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٧١٣ ئیسپانیا دەستبەرداری ناوچەکە بوە. پاشان لەرێککەوتننامەکانی ساڵی ١٧٦٣ی پاریسو ١٧٨٣ی ڤێرسای جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کەئیسپانیا دەستی لێ هەڵگرتووەو ناوچەکە بۆتە موڵکی بریتانیا. زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە ئیسپانین.

ناوچەکە فەرمانڕەوایەکی بریتانیی هەیە کە لەندەن دەستنیشانی دەکاو ئەنجومەنێکی یاسادانانو ئەنجومەنێکی راپەڕاندنی هەیە.

ئیسپانیا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٦٦ مەسەلەکەی وروژاندو داوای کرد بریتانیا دەستبەرداری ناوچەکە بێو لەم بارەیەوە وتووێژ ئەنجام درا بەڵام وتووێژەکە بەهیچ ئاکامێك نەگەیشت. لەوساوە ناوبەناو کێشە لەنێوان هەردولا لەسەر ئەم ناوچەیە سەرهەڵدەدا.

ساڵی ١٩٩٣ ئیسپانیا لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی، خۆزێ گارسیا میرگالۆ، رایگەیاند کەهاوپەیمانییەکی لەگەڵ ئەرژەنتین دروست کردووە بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی کەبریتانیا داگیری کردووە کەبریتین لەجەبەل تارق بۆ ئیسپانیاو دورگەکانی فوکلاند بۆ ئەرژەنتین.

## سەرهەڵدانەوەی کێشەکە

ساڵی ٢٠١٣ کێشەکە زۆر بەسەختی لەنێوان ئیسپانیاو بریتانیا سەری هەڵدایەوە چونکە بریتانیا ویستبوی شۆستەیەکی تازەی کۆنکرێتی لەدەریاکەدا بۆ پاراستنی بەندەری جەبەل تارق دروست بکات بەڵام ئیسپانەکان دژی ئەم کارە وەستانەوەو رایانگەیاند کەئەم شۆستەیە هەڕەشە لەگیانلەبەرەکانی ناو دەریا

دەکاو لەئایندەشدا کار دەکاتە سەر ماسیگرە ئیسپانییەکان چونکە بەهۆی شۆستەکەوە بریتانیا دەتوانێ رێ لەماسیگرە ئیسپانییەکان بگرێ. حکومەتی جەبەل تارق، دوا بەدوای پەرەسەندنی کێشەکە، رەخنەی ئەوەی گرت کەئیسپانیا چاودێریی سەر سنوری زیاد کردەوە، ئیسپانیاش وەلامی دایەوە کەزیادکردنی چاودێرییەکە شتێکی زۆر پێویستە چونکە بریتانیاو هەروەها جەبەل تارق ئەندامی رێککەوتننامەی شنگن نین کەئازادیی هاتوچۆی مسۆگەر کردووەو هەروەها کارەکە کارێکی پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی قاچاخ.

ناوچەی جەبەل تارق بۆ بریتانیا بایەخێکی ستراتیجیی هەیە چونکە ئەم ناوچەیە دەڕوانێتە سەر ئەفریقیاو دەروی دەریای ناوەڕاستی کۆنترۆل کردووەو بەبنکەیەکی سەربازیی گرنگی بریتانیا دادەندرێ. ئەلیخاندرۆ دیل فایی، پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتی لەزانکۆی قادش رونی کردۆتەوە کە "بەشێکی گەورەی جەبەل تارق بنکەیەکی سوپایی ئاسمانیو دەریاییە کەتێیدا ژێراوە ئەتۆمییەکان لادەدەنو چاك دەکرێنەوە، سەرباری ئەوەی کەبنکەیەکی هەواڵگرییە". هەر لەم روەوە لویس رمێرۆ سەرنوسەری پێشوی گۆڤاری "ئەوروپا سو دی ئەلخسیراس" وتویەتی "بەرپرسێکی سوپای بریتانیا لەجەبەل تارق چەند ساڵێك لەمەوبەر پێی وتم: ئەگەر جەبەل تارق نەبوایە، دەبوایە خۆمان دایبهێنین چونکە ئێمە تەنها هەزار میل لەسەرچاوەی مەترسییەوە دورین". بنکەکە دەرفەتی چاودێری کردنی دەریای ناوەڕاست دابین دەکاو بەشێکی زۆری ئەو نەوتو گازە سروشتییەی کەبۆ ئەوروپای رۆژئاوا دەچێ، بە بەردەم جەبەل تارقدا تێدەپەڕێ.

سەرەڕای ئەوەی کەکێشەکە چارەسەر نەکراوەو ناوبەناو گرژی دەخاتە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسپانیاو بریتانیا، بەلام دەشێ هەردولا بگەنە چارەسەری مامناوەنج. لەم بوارەدا پیتەر هین، راوێژکاری کاروباری ئەوروپا لەحکومەتی تۆنی بلێر، ئاشکرای کردووە کە بلێر پێشنیاری کردبوو بەریتانیاو ئیسپانیا ناوچەی جەبەل تاریق بەهاوبەشی بەڕێوەبەرن بەلام پێشنیارەکە سەری نەگرتبوو.

هەروەها ئەو حکومەتەی ئەمڕۆ لەئیسپانیا فەرەمانڕەوایی دەکاو بیرکردنەوەی پارێزگارانەی هەیە، ئەستەمە بەپێشنیاری لەم جۆرە رازی بێ چونکە ئەزمون نیشانی داوە کەپارێزگارەکان لەو مەسەلانەی کە بەمەسەلەی نەتەوەیی ناوی دەبەن توندڕەوانە بیر دەکەنەوەو نەرمی نانوێنن.

هەرچەند کێشەکە خاو بۆتەوە بەڵام ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەر لەئارا دایەو لەگەڵ سەرهەڵدانەوەیدا گرژییەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەخاتە نێو پەیوەندییەکانی ئیسپانیاو بریتانیاوە.